

# لەناو بازنەی زیندەخەوێکدا...

ئەحمەد قادر سەعید
(سلێمانی)

لەبەردەم دەرگاکە وەستا، جار جارە سەیرێکی دەرەوەی دەکرد و هەندێ جاریش دووسێ هەنگاو دەچووە دەرەوە، تەمەشایەکی ئەم لاو ئەو لای دەوروپشتی خۆی دەکرد و دەگەڕایەوە، ئەو جار جارە لەسەر قەنەفەکە دادەنیشت و خۆی بەو یەک دوو ڕۆژنامانەوە سەرقاڵ دەکرد کە لەسەر مێزەکەی بەرانبەری دانرابوون. هێشتا یەک دوو لاپەڕەی ڕۆژنامەکەی هەڵنەدەدایەوە خەو بەری چاوی دەگرت و هیلاکیی کاری ڕۆژانەی وای لێدەکرد هەر زوو حەز بکات سەر خەوێک بشکێنێت و کەمێک هیلاکی لە لاشەی شەکەتی دەرکات. جارجارەیش ورتە ورتێکی لەگەڵ خۆی دەکرد و بەدەم گلەییکردن لەو ڕۆژگارەی ئێستای بەخۆی دەگوت: (خۆزگە منیش وەک هەموو گەنجەکانی هاوەڵم شەوانە دەگەڕامەوە ماڵەوە و دایکێکم دەبوو پێشوازی لێ دەکردم و ئامێزی بۆ واڵا دەکردمەوە و منیش تێر دەستەکانیم ماچ دەکرد، ڕۆژگار ئەو دیارییەی بە من نەبەخشی، نازانم گلەیی لە کێ بکەم، لەخۆم، لە باوکم، لە دایکم، لە کێ؟ بۆ خۆیشم نازانم هانای دەروونم بۆ کێ بەرم.

بەڵام کاتێک هەستی دەکرد کە دەبێ بەلایەنی کەمەوە تا درەنگانی شەو بە خەبەر و بە ئاگابێت، بەرگری لەو هەستی خەوبردنەوە دەکرد و بە خواردنەوەی کەمێک ئاو، یان چایەک ماوەی بێداربوونی بۆ نیو سەعاتێک درێژ دەکردە، بەڵام خەو زاڵمە، لەوەها کاتدا دەرفەت لەدەست نادات و خۆی دەگەیەنێتە ناو دەمارەکان و گیان خاودەکاتەوەو بێ ئاگایی بەسەر ئەو کەسەدا زاڵ دەکات و جڵەوی بەبێهۆشبوون دەخاتە دەست خۆی و پێڵووەکان گران دەکات و ئەو کەسە ڕاپێچ دەکاتە ناو دنیای خەو لێکەوتنەوە .

لەناو خەیاڵی ئەو بۆرژانی خەوتن و نەخەوتنەدا شوان شەوانە چەند جارێک بێ ئاگایی بەسەردا دەهات و بەدەم وێژینگەوە سەر خەوێکی دەشکاند و خەبەری دەبووەوە و دەخەوتەوە، هەتا خوێندنەوەی ڕۆژنامە و هەواڵەکان و دیمەنی ناو تەلەڤزیۆنەکەیش دەروەستی نەدەهاتن، ئەو بۆ خۆی دەیزانی بۆچی هێندە هیلاکە و لەوەیش بە ئاگابوو کە گیانی پێویستی بە پشوودانە، بۆ گەنجێکی دابڕاو و دوور لە سۆزی دایک و باوک و وەستانی بەردەوامی ڕۆژانەی لە کارێکی پڕ لە هیلاکیدا ئەستەمە شەوان بەرگەی هێرشی خەو بگرێ.

شوان کوڕێکی تازەلاوی تەمەن هەژدە نۆزدە ساڵان بوو، هەموو ئێواران کە لە ئیشی ڕۆژانەی ناو بازاڕ دەبووەوە دەبوو هەر سەر لە ئێوارەوە بچێتە ئەو نووسینگەی یەکێک لە هاوڕێکانی باوکی بەداوایەکی زۆرەوە بۆیان دابین کردبوو تا ببێتە پاسەوانی شەوانە. ئەو لە ڕاپەڕاندنی ئەو کارەش دڵسۆزی و کارامەیی تەواوی دەنواند، ئەوە بۆ ئەو هەم ئیش بوو و لەلایەکی تریشەوە نوای مانەوە و ئاسوودەیی شەوانیشی بوو، چونکە لەو کاتەی نەنکەکەی کۆچی دوایی کردبوو خۆی لە ماڵە باپیرەی بە نامۆ دەزانی، بە تایبەت بۆ ئەو کە دەیزانی لەو ماڵەدا بایەخی جارانی لەدەستدا نەماوە و بە چاوی نامۆ بۆی دەڕوانن و کەسێکیش شک نابات بەرگری لێ بکات.

ئەو شەوە چەندی کردی بەرگری لە هێرشهێنانی سوپای خەوەکەی بۆ نەکرا، خۆیشی نەیزانی چۆن هەر لە سەر قەنەفەکە چاوەکانی گران بوون و بەدانیشتنەوە خەوی لێ کەوت و وازوو چووە ناو دەریای قووڵی خەو لێکەوتنەوە .

ئێستا چەند خولەکێک تێنەپەڕی بوو، بوو بە باڵندەیەکی بەرزەفڕو لە ئاسمانی خەوندا باڵەکانی لێکدان و بە دەورپشتی هێلانەیەکی ڕووخاودا دەهات و دەچوو، خەو ملی پێ لارکردبووەوە، سەرەتا هیلاکی دەرفەتی بە ئازار نەدا خەبەری بکاتەوە، بەڵام کە گیانی کەمێک پشووی دا و ئازاری شان و ملی پرزەی لێ بڕی، خەبەری بووەوە، هەر لەو کاتەشدا خۆی لە بەرانبەر باڵندەی بەرزەفڕی خەونەکەی دۆزییەوە و بەخۆی گوت:

– (من منداڵێکی دۆزراوەم، لە هەناوی دایکێکی سەرگەرداندا هاتوومەتە ناو ئەو بوونە سەختەی ناویان لێ ناوە ژیان، ئێستا نازانم من بۆ هەم، یان چۆن هەم و بۆ ماوم وەک دەڵێن ئەو ڕۆژەی دایکم بە گریانەوە لە ماڵەکەی خۆی دەرکرا، تەنیا ئەو دەیزانی دەرکردن مانای چییە و ماڵ بەجێهێشتن سەر بە چ کارەساتیکەوە دەنێت. من نازانم بەڵام دڵنیام داد و هاوارێکی زۆری کردووە تا ئەو پیلانی لە من دابڕانە سەر نەگرێ، وەلێ سەر کەوتوو نەبوو . ئێستا ئەو شەوەیە من لە ناو هەنیسک و خوێن و فرمێسکا دوای لە دایکبوونم پڕ بە گەرووم تێر بۆ ژیان گریاوم، گریانێکی ساوایانەی پڕ لە بەرائەت).

دایکم وتی: (من لەناو ئازاری ئەو هەنیسکانەدا شەوم بەدیار ئەو ساوایە ڕۆژ کردووەتەوە، نۆ مانگە دوو جەستەی یەک گیانین، بە هەموو گەنجینەی دنیا نای گۆڕمەوە، لێم گەڕێن با ئەو ئازارەم نەبێتە ئێشێکی هەمیشەیی و لە کۆڵم نەبێتەوە، لێم گەڕێن ئەو مەلۆتکەیەم لێ مەستێنن، لێم گەڕێن با هەر خۆم دایکی بم، هەر خۆم و بەس).

دایکم وتی: (ئەوان تۆیان لە پارچە قوماشێکەوە پێچا، نەیانهێشت تەنیا ژەمێک لە ژەکی سەر سینگی دایکت تام کەی. بەو مامانەی لێمانەوە نزیک بوو هێنایانەوە ماڵێ، ئەو ماڵەی منی دایکت بە ئارەقە و فرمێسک پێکی هێنابوو لێی دەرکرام).

جارێکی دی خەو تینی هێنایەوە، ئەو جارە هەستایە سەر پێ دەرگای نووسینگەکەی داخست، لە هەمان شوێنی پێشوو، بەڵام ئەو جارە پاڵکەوت و خۆی دایە دەست خەوێکی دیکەوە.

لەبیری خۆیدا بڕیاری دا ئەوەی دیتوویەتی، یان بیستوویەتی، یان بەسەری هاتووە فەرامۆش بکات، چونکە دەبوو بەیانی زوو شەبەقی خەبەری بێتەوە و لە نووسینگەکە بێتە دەرەوە و بەرەو کارەکەی دی ئەو شوێنە بەجێ بهێڵێ، بەڵام چی بکات وا ورده ورده خەوی لێ دەزڕێ. لەناو ئەو دەریای خەو لێزڕانەدا هەستی دەکرد خەریکە هەناسەی توند دەبێ و باری دەروونی تێک دەچێ و دەخنکێ، بەڵام زەنگی تەلەفۆنەکەی بەئاگای هێنایەوە، کە سەیری ژمارەکەی کرد تەلەفۆنەکەی لە نزیک خۆی دانایەوە و بەو نیازەی وەڵامی پێوەندییەکە نەداتەوە، ئەو هەقە بە خۆی دەدا کە ئەو پێوەندییە فەرامۆش کات و بایەخێکی بۆ دانەنێ. لەبەر ئەوەی دەیزانی وەک هەموو منداڵێکی لە نازی دایک تۆراو دەبێ جارێکی دی بکەوێتەوە ناو دەریای ئەو پەژارەی ئەوی لە ساواییدا نغرۆ کرد. لێ دوای چەند چرکەیەک دووبارە زەنگی تەلەفۆنەکە بێدەنگی ئەو ساتەی هەژاندەوە و ژاوەژاوێکی زۆری نایەوە. دووبارە بەخۆی گوتەوە وا باشترە ئەو لەو چاوەڕوانییەدا بمێنێتەوە. بێ ئاگابوو لەوەی هەستی دایکایاتی زۆر لەوە باڵاترە بە یەک دوو زەنگ بێتاقەت بێ، یان بتوانێ پارچەیەک لە جگەری فەرامۆش بکات. ئەو لە دووری دوورەوە لەوێ ئامێری تەلەفۆنەکەی بەدەستەوە گرتووە و چاوەڕوانی وەڵامێکی کوڕەکەیەتی، ئەو کوڕە تاقانەی کە دابونەریتە نالەبارەکانی کۆمەڵگا لە ئامێزیان دەرهێنا و هەر لە ساتەوەختی لەدایکبوونییەوە ناردیانەوە بۆ لای باوکی و زۆر باشیش دەیزانی ئەو هاوسەرەی هیچ تاوانێکی ئەوتۆی نەکردووە شایانی ئەو هەموو دەردەسەرییە بێ، ئەویش لەناو زەنگی تەلەفۆنەکەدا بووبوو بە پارچە تەختەیەک و لەناو شەپۆلەکانی دەریای بیرکردنەوەدا هەر ساتە بەلایەکدا گێژەنی دەریا پاڵی دەدا. چەند جارێک ویستی دەنگەکە خامۆش کات، بەڵام لە دنیای دایکایەتی و منداڵیەتیدا ئاسمانێک هەیە سامالّ و بێگەردە، هێزێکی دەروونی وا لە ئارادایە کەم کەس دەتوانێ بەرگەی هێرشەکانی بگرێ، شوان لەو کاتەدا تەلەفۆنەکەی لە گوێی نزیک کردەوە و وتی: (فەرموو).

– هەر فەرموو و بەس، ئەی وشەی دایە گیان، ئەی چاک و چۆنی؟

– دەی دایە گیان فەرموو، چۆنی باشی؟

– تۆچۆنی ڕۆڵە نازدارە بێنازەکەم.

– ئەو وشانە بەکارمەهێنە، تۆ دەزانی من چەند ساڵە بێ دایک و باوکم. دەزانی من ئێستا لە کوێم و چی دەکەم و چۆن ژیان بەسەر دەبەم.

– چاک دەزانم، بەڵێ ڕۆڵە شیرینەکەم چاک دەزانم، بەڵام من تاوانێکم بەرانبەر تۆ نەکردووە، تاوانبار ئەو کەسانە بوون ڕێزی ئێمەیان نەگرت و سەریان لێ شێواندین.

– ئەو قسانە بۆخۆت بکە. من خاوەنی پیرە نەنکێک بووم ئەویش کۆچی دوایی کرد، ئەوجا پیرمێردەکەی باپیرەشم نەما تۆش لە تامی دایکایەتی بێبەشت کردم و لە دەست زڕدایک و پرتەو بۆڵە بۆڵەکانی ئەویش دوور کەوتوومەتەوە.

– بڕۆ کات بە بەریەوە نییە، دەبێ هەر ئێستا بخەوم و بەیانی شەبەقی هەستمەوە ئێرە پاک بکەمەوە و بڕۆم بۆ سەر ئەو کارەی کە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەمی پێوە بەندە .

دەنگی تەلەفۆنەکە بڕا هەر یەک لە کوڕ و دایکێک چوونەوە ناو ئەو دنیایەی کە نێوانیان هەزاران کیلۆمەتر دوور بوو. دایک بۆ ناو گرفتەکانی تاراوگە و دابڕاو لەو تاکە کوڕەی کە بۆ تەنیا سەعاتێک لە ئامێزی نەگرت و کوڕەش بۆ ناو نوێنێکی ساردوسڕی دوور لە سۆزی ئەو دایکەی مەگەر جارجار لە ڕێی تەلەفۆنەوە دەنگی ببیستێ دەنا لە ڕواژەی خۆیەوە نەبێ نازانێ ڕەنگی چۆنە و ڕوخساری لە کێ دەچێ..

سلێمانی– تشرینی یە کەمی ٢٠٢١